باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا
نوسینگەی ووتەبێژ

25ی شوباتی 2016 بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی عێراق دەکات

لە ڕۆژانی 21-24ی شوبات، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و کار، تۆم مالینۆوسکی، سەردانی عێراقی کرد بۆ باسکردنی بابەتەکانی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق و بەرپرسانی دەسەڵاتی دادوەری و ڕابەرانی ئاینی و کۆمەڵگای مەدەنی. شاندی یاوەری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە کە پێکهاتبوون لە ڕاوێژکاری تایبەتی کەمینە ئاینیەکان نۆکس سەیمس، بەهاوڕێیەتی باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق، لەبەغداد لەگەڵ وەزیری بەرگری عێراق خالید عوبەیدی کۆبوونەوە. یاریدەدەری وەزیر سوپاسی وەزیری بەرگری کرد بۆهەوڵەکانی لەدڵنیاییدان لەوەی کەوا هەموو هێزە ئەمنیەکان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا کاردەکەن و ڕێز لە هاوڵاتیانی مەدەنی و ماڵ و موڵکیان و شوێنە ئایینیەکان دەگرن و دەیانپارێزن لەهەموو شوێنە ئازادکراوەکان. لەمیانی کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕابەرانی دەسەڵاتی دادوەری و ئایینی و کۆمەڵگای مەدەنی، بە پەرلەمانتاران و کۆمسیارانی مافەکانی مرۆڤیشەوە، یاریدەدەری وەزیر ڕۆشنایی خستە سەر ئەوگرنگیەی کە ئەمەریکا بە پاراستنی ئازادی ڕاگەیاندن و مافە مەدەنیەکانی دەدات، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەوا لێپرسینەوە لەپێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ زۆر گرنگ دەبێت بۆ سەقامگیری کاتێک داعش تێکدەشکێندرێت.

یاریدەدەری وەزیری دەرەوە هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە فریاگوزاریەکانی تر کۆبۆوە و دەستخۆشی لەهەوڵەکانیان کرد بۆ بەدەنگەوەهاتنی قەیرانی مرۆیی عێراق، وەبەتایبەتیش نەهامەتیەکانی ئاوارەو پەنابەران. جەختی کردەوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە یارمەتی حکومەتی عێراق بدات بۆ سەقامگیرکردنی ناوچە ئازادکراوەکان وە گەڕانەوەیەکی سەلامەت و خۆبەخشانەوە ئاشتیانە بۆ ئاوارەکان فەراهەم بکات.

لەمیانی سەردانەکەی بۆ هەولێر، یاریدەدەری وەزیر لەگەڵ هەریەک لە وەزیری کاروباری ئەنفالکراوان و شەهیدان مەحمود ساڵح و بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەلاح مستەفاو، وەزیری ناوخۆ/وەکیل وەزیری پێشمەرگە کەریم سنجاری و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی فواد حوسێن کۆبۆوە. هەروەها لەگەڵ ڕابەرانی مەسیحیەکان و کۆمەڵگای مەدەنی کۆبۆوەوە بەهاوڕێیەتی باڵیۆز جۆنز سەردانی مەزارگەی لالشی کرد لەپارێزگای دهۆک ولەگەڵ ڕابەرانی ئاینی و سیاسی یەزیدیەکان کۆبۆوە بۆ باسکردنی دڕندایەتی داعش و پێویستی تێکەڵکردنی کەمینەکان بە پێکهاتەی سیاسی و ئەمنی عێراق. ئەوە یەکەم سەردانی وەفدی ئەمەریکی بوو بۆ لالش لەسەر ئاستی گەوە بەرپرس یان ئاستی باڵیۆز.

لەهەموو کۆبوونەوەکاندا، یاریدەدەری وەزیر جەختی لە پابەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردەوە بۆ پاراستنی کەمینەکان، هانیدان هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ دژ بە تۆڵەسەندنەوە و دووپاتی لەپشتیوانی ئەمەریکا کردەوە بۆ گەڕانەوی سەلامەت و خۆویستانەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان .

###